# فۆبیای مەرگ

عومەر کەریم بەرزنجی

لە پشت ئەو دیوارانەوە

باخچەیەک هەیە

پڕ لە گوڵی لەزەت

پڕ لە پەپوولەی کوژراو

پەرەسێلکەی سەرچڵی هەنارەکانی گومان

لە فڕیندا باڵەکانی هەڵدەوەرێت

ئەی ئاو

لەزەتی بوون لە بۆنی گوڵێکدایە

یان لە گەرووی کانییەکدا

کانییەک قرژاڵی یەئس لێڵی کات

ئەی دڵ

ژیان ڕۆندکی خونچەیەکە

لە ئینجانەی چاوی خومارێوە دەرژێ و

بەزوییەکی حەرامدا ڕۆدەچێ

ڕۆچووین لە عەردی لەزەتدا

ئەو شەوەی لە فۆبیای مەرگدا

کاژی نوێ بوونەوەمان دۆڕا

عیسا بەخاچێکەوە

بەفرمێسکەکانی مریەم

لێوە وشکە هەلاتووەکانی تەڕکرد

قابیل لەبەردەم شمشێری گوناهدا

سووجدەی بۆ ئەو بتانە دەبرد,

کە لە دڵی حەواو

خوێنی هابیل و

ڕۆحی ئادەم ساز کرابوو

خودایە لەم تەونی جاڵجاڵۆکەی مەرگەدا

www.dengekan.com

**ڕێگاکانی تەهارەت چۆن بدۆزمەوە**

**خودایە لەم تەوقی ئاگری گومانەدا**

**دەسووتێم.....**